حکومەت پشتگیری تەواوی خۆی بۆ دیوانی ئۆقافی مەسیحی و ئێزیدی و سابیئە مەندائییەکان دووپات دەکاتەوە



سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، پشوازی لە سەرۆک و ئەندامانی دیوانی ئۆقافی ئایینە مەسیحی و ئێزیدی و سابیئی مەندائییەکان کرد

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەڕاگەیندراوەکدا کەدستی موتەبع کەوتووە،بڵاویکردەوە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ شەممە، پشوازی کرد لە سەرۆکی دیوانی ئۆقافی ئایینە مەسیحی و ئێزیدی و سابیئی مەندائییەکان بەڕێز هامی جەزف ئاغاجان و چەند ئەندامێکی ئەنجومەنی دیوانەکە.

وتیشی لە میانی دیدارەکەدا باسیان لە بابەتەکانی پەیوەست بە کارەکانی دیوانەکە و ئەو ئاستەنگانە کرد کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، و ڕاگاکانی چارەسەرکردنیان و باشترکردنی ئەدای کارکردنیان خرایەڕوو.

سودانی پاڵپشتی تەواوی حکومەتی بۆ دیوانی ئۆقافی مەسیحییەکان و پێکهاتە ئایینیەکانی دیکە دووپات کردەوە، جگە لە پابەندبوونی خۆی بۆ پشکنینکردنی پاڵپشتی دارایی و یاسایی پێویست بۆ دەستبەرکردنی بڕدەوامی کارکردنی و پاراستنی مافی ئەندامانی ئەو پێکهاتانە.

سەرۆک وەزیران ئاماژەی بەوەکرد کە هێزی عێراق لە فڕۆشنیەکێدایە، پێزانینی خۆی بە هەموو عێراقیەکان لە هەموو پێکهاتەکان دەربڕی کە بەشداریان لە خزمەتکردنی وڵاتەکەیاندا کردووە، و بەخشینیان بەردەوامە بە پێشکەوتن و سەقامگیری عێراق.